ئازادیی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٤٨) پاییز (٢٠٢٤)

سیاسیة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر



سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ




وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف

2024

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤



# ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
مەنسوور تەیفووری
شاهۆ عوسمان
وریا ئەحمەد
فازڵ مەحموود
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
سوورێن ئیبراهیم
ئیمان سەلیم
شادیار شۆڕش
مەریوان کاکەیی
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**

٤٨





**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست

سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایک ........................................ ٩
پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١
شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩
کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەک ........................................ ٨١
وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور – مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧
کۆلۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥
واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩
لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥
سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەکگوان ........................................ ١٣٢
ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................................ ١٤٥
لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧
«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................................ ١٨٣
قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١
تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................................ ٢١٥
ڕانان بۆ پەڕتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێک›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

لەبری پێشەکی:

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و توندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان

٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F




# ڕانان بۆ پەڕتووکی
# (بەرگرییکردن لە گەلێک)

هەردی دولبەر

ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان پەڕتووکی 'بەرگریکردن لە گەلێک'ی ساڵی ٢٠٠٤ لە زیندانی تاکەکەسیی ئیمراڵیی نووسیوە. ئەم پەڕتووکە پاش پەڕتووکە دوو بەرگییەکەی 'لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتیی' و پێش پەڕتووکە پێنج بەرگییەکەی 'مانیفێستۆی شارستانێتیی دیموکراتیی' نووسراوە، ئەمە وەک ئەڵقەیەکی هەرەگرنگی زنجیرەی پێشکەوتنی فیکریی لەدایکبوونی 'پارادایمی نوێی مۆدێرنیتەی دیموکراتیی' گرنگییەکی باڵکێشی هەیە.

'بەرگریکردن لە گەلێک' لە کاتێکدا نووسراوە تارماییەکانی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ هەم لە ناوەوە (تەسفیەگەرێتیی ناوخۆ) و هەمیش لە دەرەوە (ڕۆڵی گلادیۆی ناتۆ لە پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکە) زیاتر ڕوون بووەتەوە، بەمەش دەمامکی 'دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا' دادەماڵرێت، کە نایەوێت دۆزی ڕێبەر ئاپۆ وەک "دۆزی ماف و ئازادیی گەلی کورد" ببینێت و وەک دۆزێکی تاکەکەسیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لەمیانەی ئەو بەرگرینامەیەیدا دۆزی خۆی وەک دۆزی گەلێک دەستنیشان دەکات و پێویستیی بە "بەرگریکردن لەو گەلەی نکۆڵیی لێکراوە و قڕ و کۆمەڵکوژ کراوە" دەخاتە ڕوو.

لەم پەڕتووکەدا؛ هاوکات لەگەڵ سەرلەنوێ شیکرکردنەوەی مێژوویی-کۆمەڵناسیی ژیاریی کۆمەڵگەی سرووشتیی و شارستانێتیی پلەداریی دەسەڵاتگەرا، هێڵی گشتیی و بناخەی ئەلتەرناتیڤە مێژووییەکەی کە 'مۆدێرنیتەی دیموکراتیی'یە دەخاتە ڕوو و چوارچێوە فیکریی و فەلسەفیی و تەنانەت سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی و بەرگری ڕەوا و هەموو بوارەکانی دیکەیشی دادەڕێژێت. ڕۆڵی مێژوویی بزووتنەوەی پەکەکە لە بونیادنانی ئەو ئەلتەرناتیڤەدا دەستنیشان دەکات.

ئەم پەرتووکە لە پێشـەکییەک و حەوت بەشی سـەرەکی پێک هاتووە، هەر بەشـەش شـەنوکەوی چەند مژارێکی گرنگی لەخۆ گرتووە.

بەشـی یەکـەم؛ لێگەڕینـی هەریـەک لـەم پرسـە گرنگانـە لەخـۆ دەگرێـت، *"ڕاسـتینەی کۆمەڵگـە و تـاک، کۆمەڵگـەی سرووشـتیی، لـە هەمانکاتـدا هەوڵـی داوە کۆمەڵگـەی پلەداریـی و دەوڵەتگەرایـی، کـە بوونەتـە هـۆکاری پەراوێز-ناوەنـد بـە وردیـی شـی بکاتـەوە.* دێڕی یەکەمـی ئـەم پەرتووکـە خوێنـەر ناچار بـە هەڵوێسـتە دەکات. ڕێبـەر ئاپۆ لـەم پێشـەکیەدا بـەم شـێوە دەسـت پـێ دەکات و دەڵێـت: *"ڕاکـردن لە ڕاستینەی کۆمەڵگە زۆر لـەوە زەحمەتترە کە مەزەندە دەکرێت"*. گـەر ڕاکردنـی تـاک لـە کۆمەڵگەکـەی بـە ڕاکردنـی منداڵ لـە دایکـی بچوێنیـن، ئایـا دەکرێـت وەک دۆخێکـی ئاسـایی چـاوی لـێ بکرێت؟ ئەمـە ئـەو پرسـەیە وا زیـاد لـە سـەد ساڵە بێ وەڵام ماوەتـە کە تاکی کـورد بـۆ لـە هەقیقەتـی خـۆی و کۆمەڵگـە و کەلتوورەکـەی ڕادەکات؟ دەکرێت بڵێین کاتێک کۆمەڵگە لەژێر هەژموونی زیهنی پیاوسـالارییدا ڕۆڵـی دایکایەتیـی بـۆ تاکەکانـی کۆمەڵـگـە لەدەسـت دەدات، ئـەوکات دۆخـی نامۆبـوون و دەسـتبەرداربوون لـە کۆمەڵـگـە دەرکەوێـت. بـۆ ئـەوەی بـەر بـەم ڕاکردنـە بگیرێت، پێویسـتە ئـەو هەقیقەتـە فـام بکرێت کـە *"لـە بـواری زانسـتییەوە دەسـتنیشـان کـراوە دایـک هێـزی سـەرەکیی و بنەڕەتیـی بەکۆمەڵگەبوونـە"*. لەنێـو پرۆژەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا، بـە تایبـەت لـە ڕێککەوتننامەکانـی سـایکس بیکـۆ و لـۆزان، گەورەتریـن نکۆڵیـی لـە بوونـی نەتەوەیـی و نیشـتیمانیی کـورد کـراوە. لێرەوەیـە ڕێبـەر ئاپـۆ دەڵێـت: *"گرنگـە لـە فەلسـەفەی برگریکردنمانـەوە ئـەو پرسـەش ڕووبەڕووی سیسـتەم بکەینـەوە کـە*

*چۆن حسابی ئەم تاوانانەی دەرهەق بە کورد دەدات کە بە زۆرەملێ و فێڵبازیی، کۆمەڵگە و گەلێک لە خاوەنداریی خۆی بێبەش دەکات؟"*

لەم پەرتووکەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو جۆر پڕۆسەی کۆمەڵایەتیی دەبینەوە؛

یەکەم: کۆمەڵایەتیبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە پێودانگی سەرکوتکردنی تاک خۆی ڕێک خستووە!

دووەم: تاکڕەویێتیی لە ڕۆژئاوا بە پێودانگی نابووتکردنی کۆمەڵگە خۆی ڕێکخستووە!

لەم پەرتووکەدا باشتر لەو وتەیەی فێرناند براودڵ تێدەگەین کە دەڵێت: "کۆمەڵناسی زانستی مێژووە"، ڕێبەر ئاپۆ بە شیکارییەکانی لەنێو ئەم پەرتووکە تیۆریزەی وتەکەی براودڵی کردووە، بەوەی گەر زهنییەت و شۆڕشێک خاوەنی ڕوانینێکی فراوان و قووڵی کۆمەڵناسی نەبێت، چۆن دەبێتە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە. بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و دەوڵەتگەرایی ئایدیۆلۆژیا پێویستە. لێرەوە ڕێبەر ئاپۆ دەپرسێت: *"لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاتێک سۆسیۆلۆژیی ناتوانێت بە ئەندازەی 'ئایین'یش وەڵامی کێشە و گرفتەکان بداتەوە، ئەوا لێپرسینەوەی کۆمەڵناسیی، تەنانەت لێپرسینەوەی تەواوی پێکهاتە زانستییەکانیش دەکاتە ناچارییەک. مادام زانست هێندە پێشکەوتووە، ئەی ئەم هەموو شێتایەتییە بۆچی؟"*

*بەشی دووەمی ئەم پەرتووکە؛ تایبەت کراوە بە مژارەکانی "کۆمەڵگەی ژینگەیی، بەها دیموکراتییەکانی کۆمەڵگە و ئازادیی ڕەگەزی و...*

لەم بەشەدا ڕێبەر ئاپۆ بە ڕوونیی ئەوەی خستووەتە ڕوو

کـە سیسـتـەمی دەسـەڵاتداریی هـۆکاری سـەرەکی نائومێدییەکانـە، بـە ئامانجـی دابڕانـی کۆمەڵگـە لـە پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی گـەلان و شکسـتپێهێنانی هەمـوو هـەوڵ و تێکۆشـانەکانی بەدیهێنانـی ژیانێکـی "ئەخلاقیـی، سیاسـیی، ئازادیـی، یەکسـانیی، دیموکراسـیی..." ئـەو پەیوەندییانـەی خۆراکـی هەمـوو نایەکسـانیی و کۆیلایەتیـی و دیسـپۆتیزم و فاشـیزم و میلیتاریزمێک دەدەن، سـەرچاوەی سـەرەکیی خۆیـان لـە زیهنییەتـی فۆرمـی دەوڵەتـەوە وەردەگـرن و دەکەونـە پەیوەندییـەوە. ئەگـەر ئێمـە یەکسـانیی و ئازادیـی و دیموکراسـییمان دەوێـت، پێویسـتە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەی دیموکراسـی و سـازییەکانی دەسـەڵات لێک جیا بکەینـەوە، بۆ ئـەوەی نەکەوینە ناو هەمـان ئـەو هەڵـەی کۆمەڵناسـەکان کـە ڕێبـەر ئاپـۆ لـەم پەرتووکـەدا فـراوان ڕەخنەیـان دەکات و دەڵێـت: *"یەکێـک لـە کەموکورتییـە هـەرە سـەرەکییەکانی کۆمەڵناسـی نیشـانندەدانی جەمسـەری بەرانبەرەکـەی ئـەو کۆمەڵگەیانەیـە کـە گرێـدراوی دەوڵـەت و پلەداریـن و پێویسـت بـوو بـە درێژایـی مێـژوو لـە نـاو دوالیزمێکـی دیالێکتیکیـدا بژیـن"*. سیسـتەمی دەسـەڵاتداری کـە پێکهێنـەری کـەم لـە ٢٪ مێـژوو پێـک دێنێـت، ڕێبـەر ئاپـۆ بـە سـەرچاوەی تێکدانـی دیالێکتیکـی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە-مـرۆڤ و ژینگـەی دەبینێـت. لـە هەمـووی گرنگتـر ڕێبـەر ئاپـۆ ڕوونـی دەکاتـەوە کـە مـرۆڤ و کۆمەڵگـە-مـرۆڤ و سرووشـت دەتوانـن بـە هەماهەنگـی بوونیـان هەبێـت. پێویسـتە بڵێیـن هەمـوو ئـەو گرووپانـەی دژی سیسـتەمی چینایەتیـی دەجەنگـن، لـە بنەڕەتـدا نوێنـەری کۆمەڵگـەی سرووشـتین. بۆیـە کۆمەڵگـەی سرووشـتیی لەلایـەن سیسـتەمی سـەرمایەدارییەوە، هێنـدە فـراوان و بێڕەحمانـە

ناوزەد دەکرێت. لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ هۆشیاریی فراوانی داوە و لەم بەشەدا دەڵێت: *"تاوەکو کۆمەڵگەی سەرەتایی لە ناوزەدکردنی "سەرەتایی" ڕزگاری نەبێت، ئەوا تەواوی دەسنیشانکردنەکانی کۆمەڵناسیی لە بیناکردنی بنگەیەکی چەوت ڕزگاریان نابێت. بە هۆکاری ئەوەی شەڕ هەستیارترین و توندترین دۆخی ئەم قۆناغەیە و لە بنەڕەتدا هێزی دەسەڵات-شەڕ دەسەپێنێت"*. هەرچی هێزی ماددیی و مەعنەویی کۆمەڵگەشە لە دژی توندوتیژیی و فرتوفێڵ و داگیرکەرییەکانی دەسەڵات بەری خۆ دەدات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *"دیموکراسی شێوازی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو گەلەیە وا نەبووە بە دەوڵەت و دژی بە دەوڵەتبوون ڕادەوستێ"*. ڕۆڵی ژن لە سەرپێخستنی پرۆسەی کۆمەڵایەتیی لە فۆرمی تیرەوە تا نەتەوەی دیموکرات، یەک لەو پرسە سەرەکییانەیە وا لەم پەرتووکەدا خراوەتە ڕوو. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *"شانبەشانی ئەوەی ژن نوێنەرایەتیی گەوهەری دیموکراتیزەبوون دەکات. بۆیە هیچ کات پیاو نەیتوانیوە و مەیلی ئەوەشی نەبووە بە شێوەیەکی سرووشتیی و ئاسایی لە ژن نزیک بێتەوە"*. درووشمی *"ژن ژیان ئازادیی"* بۆیەکەمجار لەنێو ئەم پەرتووکەدا خۆی مانیفێست کر. ڕێبەر ئاپۆ شۆڕشی ژنان وەک دەستێوەردانی ڕیشەیی بەرانبەر ئەقڵییەتی باڵادەستیی پیاوسالاریی دەبینێت. بەم مانایە ژنۆلۆژیی ئاماژە بە پرۆسەیەکی ئیپیستمۆلۆژی دەکات. دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆی ژنان بە زانستی ژنان و بەرهەمهێنانی زانستی خۆیان دەبێتە هۆی دووبارە درووستکردنەوەی تاکایەتیی ژن و کۆمەڵایەتیبوونەوەی ژنان.

شیکارکردنی هەر سێ قۆناغە هەژموونگەرییەکانی سیستەمی

شارستانیی ناوەندیی کە لە ڕووی کاراکتەرییەوە گشتگیرن، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمە یەکێکی ترە لەو پرسە گرنگانەی ڕێبەر ئاپۆ بەم ڕەنگە شیکاری کردووە. یەکەم؛ سەردەمی شار-دەوڵەتەکانی سۆمەرییە. دەوڵەتداریی لە چوارچێوەی شار-دەوڵەتییەکاندا گەشە دەکات، سنووری هەژموون فراوانتر دەکات و لە شێوەی وەشانی لە هەموو شوێنێکدا بەربڵاو دەبێت. هەموو وەدیهاتنە هەژموونییەکان تا سەرهەڵدانی هەژموونی یۆنانیی-ڕۆمانیی لە ناوچەکەشەوە سەرچاوەیان گرتووە و وەشانی بەهێزتری شار-دەوڵەتەکانی سۆمەریی بوون. سەرهەڵدانی یۆنانی-ڕۆمانی دووەم قۆناغی هەژموونی گەورەیە لە سیستەمی شارستانیەتی ناوەندیدا و ئەویش سیمایەکی گشتگیری هەیە. هەرچەندە لە تێڕوانینی ئەمڕۆدا ڕۆژئاوایی دەردەکەوێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕۆژهەڵاتییە نەک ڕۆژئاوایی. هەرچەندە بەشداریی ڕەسەنی زۆری هەیە، بەڵام گونجاوترە ئەم سەرهەڵدانە هەژموونگەرییە وەک سەرهەڵدانێک کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرچاو بگیرێت. بۆیە هەڵە نابێت ئەم قۆناغە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانین. جێی خۆیەتی ئەم قۆناغە بە دووەمین قۆناغی هەژموونگەرایی سیستەمی شارستانییەتی ناوەندیی، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، ناو بنێین. سەرهەڵدانی ئیسلامی سێیەم هەنگاوی گەردوونیی سیستەمی شارستانییەتی ناوەندییە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوەی کە ئەوان دیاریکەری سەرەکی سیستەمی شارستانییەتی ناوەندین، ئەم دەسەڵاتانە دەکاتە

هەژمـوون. هەمـوو ئـەم زلهێزانـە هاوشـێوەی ئەمریـكای ئەمـڕۆن. دوا دەسـەڵاتی هەژموونـی سیسـتەمی شارسـتانی ناوەندیی لەلایـەن یەكێتیی ئەورووپا و ئەمریكاوە نوێنەرایەتیی دەكرێت. ئەمـەش بـە مانـای گواستنەوەی هەژمـوون لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بۆ ڕۆژئـاواش دێت.

*بەشـی سـێیەمی ئـەم پەرتووكـە بۆ شـیكردنەوەی دۆخـی گێژاوی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و ئەگەرەكانـی چارەسـەریی تەرخـان كـراوە.*

ڕێبـەر ئاپـۆ بـەم شـێوە دەسـت بـەم پرسـە دەكات و دەڵێـت: *"لەگەڵ ئەوەی پێناسـەی شـەڕی شارسـتانییەتەكان ڕاسـت و بەجێیە، بەڵام هێشـتا گەوهەرەكـەی بـە شـێوەیەكی ڕاسـت شـرۆڤە نەكـراوە. ڕەهەنـدە مێژوویـی و كۆمەڵایەتییەكانـی هێنـدە ڕوون نەكراوەتـەوە. لایەنـەكان و شـێوازەكانی شـەڕ و ئامانجـەكان یـەكلا نەبوونەتـەوە."* سـەرچاوەی بەردەوامـی شـەڕ و پێكدادانەكانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و دۆخـی گێـژاو، خـۆی لـە ژێـر ئـەو مەیلـەدا حاشـار داوە وا هـەردەم دەسـەڵات و دەوڵـەت شكۆمەند دەبینرێت. جەنگـی جیهانیـی سـێیەم كـە ناوەندەكـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە، بـە شـێوازێكی فـراوان بەردەوامـە. زیاتـر لـە دووسـەد سـاڵە سـەرمایەداریی لـە هێرشدایە بۆ ئـەوەی ئـەم هەرێمـە بـە ڕووی داگیركارییەكانی خۆیدا بكاتـەوە. ئـەم هێرشـە دەسـتبەجێ هەوڵـی ڕەتكردنـەوە و نكۆڵـی هەمـوو ڕاسـتییە كۆمەڵایەتییەكانـی ناوچەكـەی بـەو مۆدێلـەی دەوڵەت-نەتەوەییـە دەدات وا لـە سـەد سـاڵی ڕابردوودا بە سـەر ناوچەكەدا سـەپێنراوە. ڕێبـەر ئاپۆ لـە بەشـەدا بە باوەڕییەوە هەڵوێسـتە لەسـەر ئەو ڕاسـتییە

دەکات، گەر دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچەکە خۆیان بەرەو ڕووی پرسی دیموکراتی نەکەنەوە، سەرئەنجامیان لە ئەفغانستان و ئێراقی سەددام حسێن باشتر نابێت، وەڕاستگەڕانی ئەم ڕوانگانەی ڕێبەر ئاپۆ لە هەریەک لە دەوڵەت نەتەوەکانی 'تورکیا، سووریا، ئێراق، ئێران. لوبنان، لیبیا، یەمەن...' دەبینین. هاوکات دۆخی ناوبەری دەوڵەتی ئیسرائیل و فەڵەستینیش لەم ڕوانگەیەوە باڵکێشە!

*بەشی چوارەم بۆ مژاری کێشەی کورد لە گێژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوین تایبەت کراوە.*

*"سەرچاوەی ئەو کێشانەی ئەمڕۆ تووشی دەبین لە کێشەی کورددایە، کە ناچار «مەحکوم»ـە بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە».* ڕێبەر ئاپۆ ئەو ڕاستییەی خستووەتە ڕوو کە دەڵێت: *«کێشەی کورد بە توندوتیژیی چارەسەر نابێت».* لەم بەشەدا پێداگیریی لە سەر بەرکەنارکردنی زیهنییەتی دەسەڵاتداریی لە ڕۆژهەڵاتی ناویین دەکات، ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *«کەوتووینەتە قۆناخێک چیتر ناتوانرێ وەک جاران کورد بەڕێوە ببرێت. ئەگەر کوردان خوازیاربن ئیتر کاری نەکردە دەبێت، بەردەوامکردنی تەمبەڵی ژیانە کۆن و نەفرەتلێکراوەکەیان لەگەڵ سەردەم بگونجێنن».* وەک ئەوەی بخوازێت بە بیری کوردانی بێنێتەوە خاوەنی کەلتوور و دایک-خوداوەند و لانکەی سەرپێکەوتنی ژیار ئێمەی کورد بووین، هێشتا ڕۆح و مەیلی ژیانێکی دیموکراسیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لەنێو ئەم کەلتوورەدا دەژیت کە ڕێبەر ئاپۆ بە کەلتووری *«زاگرۆس»*

ناوی دەبات. پەکەکە هۆکاری زیندووهێشتنەوەی ئەم ڕۆحەیە وا دەخوازێت هەم پرسی چارەسەری دیموکراسییانەی ناوبەری گەلان و هەمیش دۆخی گێژاوی ناوچەکە بە سیستەمی کۆنفیدراڵیزمیی دیموکراتیی دەرباز بکات. ڕێبەر ئاپۆ لەم پەرتووکەدا هۆشیاری داوە و دەڵێت: *«ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکرات نەکرێت، سەدەیەکی دیکە لەدەست دەدەین».*

*بەشی پێنجەمی ئەم پەرتووکە تایبەت کراوە بۆ مێژوی بزووتنەوەی پەکەکە و ڕەخنە – ڕەخنەدان و سەرلەنوێ ئاواکردنەوە*

ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *«هیچ کاتێک گومانم لەوە نەبووە «پەکەکە»یی بوون لەدایکبوونی کوردی هاوچەرخە.* ڕێبەر ئاپۆ بەو هۆشیارییەی لەبارەی ڕاستینەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتووریی کوردەوە هەیبووە، سەرلەنوێ لە کەسێتیی کادیرانی پەکەکەدا سەرقاڵی ئافراندنەوەی ڕۆحی ڕاستەقینەی کورد بوو. دەکرێت بڵێین پەکەکە ئەو هێزە ماددیی و ڕۆحییە بوو کە توانی ژیان بە بەر نەتەوەی کورددا بکاتەوە. تاوەکو ئەم هیوای ڕزگارییە ‹پەکەکە› دەربازی مۆدێلە باوەکانی سەرهەڵدان و جووڵانەوەکانی بەر لە خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێبەر ئاپۆ فەلسەفەی ڕەخنە و ڕەخنەدانی کردە کەلتوور و پێویستییەکی شۆڕشگێڕیی، بۆیە کاتێک پاش بیست ساڵ خوێنەر ئەم پەرتووکە دەخوێنێتەوە، باشتر لە ئەفسوونی مانەوەی پەکەکە و فراوانبوونی زەمینەی کۆمەڵایەتیی تێدەگات، لە کاتێکدا هەموو سیستەمی سەرمایەداریی

لـە بوونـی ڕێبـەر ئاپـۆ و پەکەکـەدا نکۆڵـی لـە بوونـی کـوردان دەکـەن. ڕێبـەر ئاپۆ لـە بەردەوامیی ڕەخنەکانی بۆ هەڤاڵانـی دەڵێت: *«پارتـەکان ‹حیـزب› لەبـری ئـەوەی چارەسـەری قەیـران بکـەن، بوونەتـە ئامـرازی قووڵکردنـەوەی قەیرانـەکان. هـەروەک دەزانـرێ یـەک دوو بـەرگ ڕەخنـەم دەرهـەق بـە ‹عوسمان ئۆجالان› هەبوو و هەوڵـی دادگایکردنیم دا، تەنانـەت کاتێک دایکم کۆچی دوایی کرد بۆ تاکە جارێکیش بە تەلەفۆن هەواڵیم نەپرسی، بەهۆی چەمکی ‹زیان بەتێکۆشـانی گـەل دەگەیەنـێ› پشـتگوێم خسـت»*. لـەم پەرتووکـەدا ڕێبـەر ئاپـۆ بەوپـەڕی ئەشـق و پێداگیرییـەوە وەک پێویسـتیەکی ژیانـی ئـازاد، لـە ڕێهەڤاڵانـی دەخوازێـت پێویسـتە پەکەکـە بکرێتـە موڵکی گەل، بۆ ئـەم پێواژۆیـەش دەڵێت: *«لـە ڕێکخستندا ئـەوەی بـە ئەندازەی پارتێک تەنانـەت زیاتریش وەک دەزگایـەک پێویستە، کۆما گەل ‹کۆنگرەی گەل›ـە. بەگوێرەی ڕەوشی بەرجەستەی کوردستان کۆنگـرەی گـەل وەک ڕێکخسـتنێکی سـەرەکیی چەترئاسـای گـەل پێویستی بە پێناسـەیەکی تایبەت بە خۆیەتـی.*

*بەشـی شەشـەی ئـەم پەرتووکـە تایبـەت کـراوە بـە ڕۆڵـی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا لـە کەیسـی ڕێبەرایەتیدا*

پـاش پتـر لـە ٢٥ سـاڵ زیندانی ڕێبـەر ئاپۆ ئـەو هەقیقەتـەی پیشـان داویـن کـە «ئەگـەر مـرۆڤ نەتوانێـت ئازادیـی لـە جیهانـی نـاوەوەی خۆیدا بنیات بنێت، ئەوا ناتوانێت لـە دەرەوەی زیندانیش ئـازاد بێت. ئەگـەر مـرۆڤ نەتوانێـت کـۆت و بەندەکانی نـاو مێشـکی بشـکێنێت؛

لە هەر شوێنێک وەک دیل بۆی دەگەڕێتەوە». «تەنانەت لە ژێر ئەم بارودۆخەشدا هەوڵ دەدەم هەموو ڕۆژێک بە خوێندنەوە خۆم باشتر بکەم. سیاسەت کارێکی قورسە»، مرۆڤ دەبێت لە ڕووی هزریی و ڕۆحییەوە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی کۆمیناڵ پەروەردە و ئامادە بکات. ڕێبەر ئاپۆ بۆ بێکاریگەرکردنی ئەم پیلانگێڕییە بە هۆشیاریی و باوەڕێکی زۆرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «سیاسەتکردن لەم هەلومەرجەدا پێویستی بە بوێرییە». سیستەمی سەرمایەداریی بەو ئامانجەی ڕێبەر ئاپۆ لە کۆمەڵگەی کوردیی و پەکەکە داببڕێت، وەک بەردەوامیی ئەو زنجیرە ژینۆسایدانەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا دژی پاکتاوی نەتەوەی کورد بەڕێوە براون، پەنای بۆ پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی برد. ڕێبەر ئاپۆ منداڵی ئەو مێژووە پیرۆزەیە وا ڕەگوڕیشەکەی تا قۆناغی نیۆلۆتیک درێژ دەبێتەوە، بۆیە لەمڕۆدا مێژووی تێکۆشانی ئەم ڕێبەرە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی هەقیقەتی کۆمەڵایەتیی دەکات. لەمبارەوە دەڵێت: «ئەو تاکەی بە هەموو شێوەیەک کۆمەڵایەتییە، لەم چوارچێوەیەشدا هەموو شتێکی خۆی بەخت کردبێت، دابڕاندنی لە کۆمەڵگەکەی و بە جودابینینی لەگەڵ ئیرادەی گەلەکەی، تەواو فێڵبازییەکی یاساییە. ئەمە لەگەڵ چەمکی دادوەریش ناکۆکە کە بنەمای یاسا (حقوق – مافپەروەریی) پێک دێنێ.»

★★★

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەمۆزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com